# ( لێدە عەلۆ) لە سەردەمی عەولەمەدا کێ دەڵێ شار ناخۆشە

هەڤبێژێك

گومان لەوەدا نییە، کە ئەمرۆ لە سەرتاسەری جیهاندا کارەبا بۆتە هۆکارێکی گەورە و بەرچاوی بوژانەوە و بەرەوپێشچوونی گەلانی سەر رووی زەمین، لەهەمان کاتیشدا کارەبا بۆتە مایەی بەختەوەری و خۆش گوزەرانیی هاوڵاتییان.

نکۆڵی لەوەش ناکرێ کە هەموو ئەو داهێنانە پڕ بەها و مەزنانەی بۆ مرۆڤایەتی بەدی هاتوون و، لە ئاکامدا ئاسۆی هزر و بیروبۆچوونی ئادەمزادی لەسەر رووی زەویدا بەرفراوان کردووە و، رێگەی سەرکەوتن و بوژانەوەو بەرەوپێشچوونی لەبەردەمدا خۆش کردووە، بۆ ئەوەی بە هەموو کەرەستە و ئامرازێکی تازەی بواری تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو سەردەمیانە ئاشنا بێت، کە ئەمەشیان هەر دیسان لە سایەی ئەو خزمەتگوزارییە گەورە و پیرۆزانەوەیە، کە کارەبا بۆی دابین کردووین.

کەچی لە کوردستانی ( بە نێو ئازاد) دا ئەمرۆ لە سایەی فەرمانرەوایی هەردوو حزبی کوردی، یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، خەڵکی وەك چۆن لە دەست نەبوونی زۆر سەرچاوەی بژێویی ژیاندا داد و بێدادیانە، بەهەمان شێوە لەدەست نەبوونی ( رۆناکیی کارەباشەوە) خەریکە بێ هیوا و هەراسان دەبن، چونکە ئەوان لە رۆناکییەك بێبەش دەکرێن، کە لەسەرتاسەری جیهاندا بۆ مرۆڤایەتی بەبێ منەت دابین کراوە.

ئەوەتا ئەمرۆ لە کوردستاندا هەردوو هەردوو ئیدارە کوردییەکەی خۆمان سەرچاوەکانی داهاتییان کۆنترۆل کردووە و، هەرچییەکی لە داهاتی دەزگاکانی گومرك و باج دەستیان دەکەوێت و، ئەوەی لە هاوڵاتییانیش دەیڕوتێننەوە دەیخە نێو ئەمبارو قاسە پۆڵایینەکانیانەوە و، بۆ رۆژی رەشی خۆیان قایم و تەقەتی هەڵدەگرن، وەك ئەوەی پەندە کوردییەکە زۆر کاریگەری بەسەریانەوە هەبێت، کە دەڵێت : " ماڵی سپی بۆ رۆژی رەش "، ئیتر ئەو رۆژە رەشە، مەگەر هەر خۆیان بزانن کەی دەبێ و کەی دێت، کە دوور نییە لە ئێستاوە خۆیانیان بۆی تەیاربکەن، وەکو لەناو خەڵکیشدا باوە و دەگوترێت، بەرپرسانی هەردوو حیزب و ئیدارەکە تەمایان بە کوردستان نەماوە بۆیە هەرچییەکی هەیە کەم تا زۆر کۆی دەکەنەوە و بۆ رۆژی تەنگانەی خۆیانی هەڵدەگرن و، خەڵکی رەش و رووتیش برسی دەبن نابن کەیفی خۆیانە، کارەبایان دەبێ نابێ ئەستۆیان بشکێ.

شتە سەیرەکەیش لەوەدایە بەرپرسانی ( یەکێتیی) سەرچاوەی کارەباکەیان کۆنترۆل کردووە و بەبەرچاوی خەڵکی کوردستانەوە بازرگانی پێوەدەکەن و، یەك تاکە ئەمپێری بەبێ پارە بە هاوڵاتییەك نادەن، ئەو هاوڵاتییانەی بە درێژیی ژیانی خۆیان و باوك وباپیرانیانەوە بوونەتە دەستە چیلەی بەختەوەری و خۆش گوزەرانیی ئەم جۆرە بەرپرسانە و، خۆشیان بە برسێتی کوێرەوەری ژیان بەسەر دەبەن، کە قسەیەکیش لە رووی ئەو بەرپرسە بەرێزانە بکەیت دەفەرموون : " بۆ نارازین ئەی ئەوە نییە هەوای ئازادی هەڵدەمژن " و، بە ئازادی و دوور لە سانسۆری رژێمی بەغدا دەژین، وەك ئەوەیان لەبیرچووبێتەوە، کە ئەگەر ئەم خەڵکە رەش و رووتە نەبوونایە، سەرکردە ئازاد و خەباتگێڕەکانمان دەبوو ئێستاش لە هەندەران بوونایە و، خەو بە شاخ وداخ و ئاووهەوای کوردستان و، سەرچاوەکانی داهاتی کارەبا فرۆشتن و گومرگەکانەوە ببینن !!.

بەرپرسانی پارتیش لە ئیدارەی هەولێردا، وا راهاتوون گە دێنە بەردەم کامیراکانی کەناڵە ناوخۆییەکانی کوردستان لە تەلەفزیۆن و رادیۆ و رۆژنامەکاندا، جارێ بەر لە هەموو شتێك منەتێك بەسەر خەڵکەکەوە دەکەن و، دەڵێن : ئەی ئەوە نییە حکومەتی هەرێم و کابینەی یاسا فلانە پرۆژە و فیسارە کارگەی بۆ دامەزراندوون و، چەندین شەقام و رێگە و بان و بەرزە پردی بۆ ئەنجامداون، کە لەراستیدا ئەگەر هەمووی نەبێ ئەوە بەشی هەرەزۆری ئەمانە بەهۆی ئەو برە پارەیەی کە لەرێژەی ( ١٣ ٪) یەکەی داهاتی فرۆشتنی نەوتی عێراق ئەو بەشەی بۆ کوردستان تەرخانکراوە، ئەنجام دەدرێن، کەچی ئەمان وای دەخەنە ڕوو کە بەئەرك و ماندووبوون و هیلاکیی ئەوانەوە بەئاکام هاتووە. ئیتر لەبەرامبەر ئەوەدا خەڵکی دەبێ نانێك بخۆن و سەدانیش بکەن بە خێر بۆ ئەم ئەزموونەی کوردستان و، ئەو هەوڵ و کۆششە بێ سنوورەی بەرپرسانی کورد.

ئەوەتا بۆ نموونە : رۆژی ٢٢ / ١ / ٢٠٠٣ جەنابی جێگری سەرۆکی ئیدارەی هەولێر لەبەردەم کامێرای تەلەفزیۆن و کەناڵەکانی راگەیاندن لە کوردستانی ئازاد دا و، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیی تایبەت بۆ باسکردن و روونکردنەوەی ( مەسەلەی تالانکردنی فەرمانبەران و کەمکردنەوەی مووچەکانیان بە داشکاندنی ٣٠ ٪) لەوەی وەری دەگرن دەفەرموێ و دەڵێ : ( ٤) ئەمپێر کارەبا لەسەر ئێمە بە ( ١٢٠) دینارە و، بەم نرخە لە ( یەکەتی) دەیکرین و، ئێمە بە ( ٦٠) دینار بە هاوڵاتییانی دەدەینەوە، کەلەمەدا ( ٦٠) دینارمان زەرەرە !!.

جا توخوا دەسەڵاتێك ئەگەر لانی کەم بۆی نەکرێت کارەبا بۆ هاوڵاتییانی خۆی دابین بکات، دەبێ سبە و دووسبەی چۆن بەرپرسێتی ژیان و بەرێوەبردنی سێ چوار ملیۆن کورد لە ئەستۆ بگرێت و ببیان ژیێنێ، یان ئەو ئازووقەیەی ئێستا ( تەحالووف) کە بەپارەی نەوتی عێراق

www.kurdistannet.org
25-1-2003 20:55

دابینی دەکات و بەنرخێکی رەمزی بەسەر خەڵکی کوردستاندا دابەش دەکرێت، ئەگەر بکەوێتە دەست هەردوو ئیدارەکەوە دەبێ چۆن چۆنی دابەشی بکەن، تۆ بڵێی ئەو وەختە گیرفان ئاوساوەکانی نێو هەردوو ئیدارەکە بەهەمان خەمخۆری و پەرۆشییەوە بە تەنگ نەبوونی و نەداریی رەش و رووتی کوردستانەوە بن و، دیارە ئەمەشیان هەر خواو خۆیان دەیزانن !!

دڵنیاشم کە ئەو بەرێزانەی نێو هەردوو ئیدارەکە و، بەرپرس و سەرکردە حزبییەکانیش رەنگە تاکە رۆژێك هەستیان بە برانی کارەبا لە ماڵەکانیان نەکردبێت و، نەوت و خۆراك و هیچ پێویستییەکی تری ژیانی رۆژانەشیان لێ کەم نەبۆتەوە و، بۆ سەفتەکردنی دۆلار و پارەی چاپی سویسریش ئەوە هەر هیچ پەکیان نەکەوتووە و ماتەل نەبوون، ئیتر چۆن بیر لە ژیان و گوزەرانی خەڵکی نەدار و رەش و رووت دەکەنەوە و، لە خەمیان دادەبن.

هەر لە کۆنگرە رۆژنامەنووسیەکەدا سەبارەت بە داشکاندنی ( ٣٠ ٪) ی مووچەی فەرمانبەران، کە دوای ئەوەی مەسەلەکە لەلایەن هاووڵاتییانەوە هەزم نەکراو، بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیەی کە زۆر بە ووردی نەخشەی بۆ دارێژرابوو دیزە بە دەرخوونەی بکەن، هەر ئەو بەرپرسە رێزدارە فەرمووی : هیچ بریارێکی وا نەدراوە، خۆ ئەگەر گریمان قسەی ئەو بەرێزە راستە و بریاری وەها نەبووە، ئەی ( رێنمایی ژمارە ( ٣) ی دارایی کە بەنووسراوی ژمارە ( ٢٤٩ / ٩) ی رێکەوتی ( ١٦ / ١ / ٢٠٠٣) لە وەزارەتی دارایی و ئابووری – ئیدارەی هەولێر – بەرێوەبەرایەتی گشتی دارایی / ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە) بەهەشت خاڵ و برگەی جۆراوجۆر دەرچووە و، لە پێشەکیەکەیدا نووسراوە ( ئاماژە بە ئاراستەکراوەکانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بریاردرا بە :) دەبێ کێ لێی گوناهبار بێت، خۆ ئەگەر ئەمەشیان وا نییە و ئەوان لێی ئاگادارنین، ئەوە دەبوو هەر لەوەزیری داراییەوە بگرە تا ئەوانەی رێنماییەکەشیان بە چاپ گەیاندووە لەسەر کار لابرانایە چونکە لە خۆیانەوە ئەم کارەیان کردووە و، دووریش نییە بە دژی ئیدارەکەوە کردبێتیان.

ئەوە سەرەرای ئەو کۆبوونەوە بەرفراوانەی لە وەزارەتی دارایی بۆ روونکردنەوەی رێنماییەکە ئەنجامدرا و، لەئاکامدا رۆژانی دابەشکردنی مووچەیش ( ١٠) رۆژی هاتە سەر و، مووچەی مانگی یەك بۆ ( ١٠) رۆژ دواکەوت، ئەی ئەمەیان چۆن شی دەکرێتەوە.

خۆ لەوەیش سەیرتر ئەوەیە ئەو فەرمانبەرانەی مووچەکەیان لە ( ٧٠٠) دینار زێترە پارەکەیان بە دۆلار پێ دەدرێت و، دۆلاریش بۆ ئەوان بە ( ١٠) دینار خەملێنراوە، کە هەمیشە رۆژانی دابەشکردنی مووچە دۆلار بەهاکەی دادەبەزێ و قەت لە ( 7تا 7.5) دینار زێتر ناکات، ئەی ئەمەیان کێ لێی بەرپرسە، بۆ هەر دەبێ فەرمانبەران و هاووڵاتییان زەرەرمەند بن و، سووتەمەنیی و خۆش گوزەرانیی گەورە بەرپرسان بن ؟؟.

هەڵبەتە بۆ ئەم خاڵەیش لە ئیدارەی سلێمانیش دۆلار بە ( 10.5) دینار مەزەندە دەکرێت.

جگە لەمانەیش ئەوە خەریکە بۆ دوو مانگ دەچێت لە شاری هەولێر، کە لەژێر کۆنترۆڵی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی هەولێردایە بە بیانووی دزینی کارەباوە رۆژانە ( ٨ تا ١٠) سەعات کارەبا کەمکراوەتەوە و، مانگانەش پسوولەی کارەبا یەك فلسی لێ دانەشکاندوە و وەکو خۆیەتی. کە دەبوو کارەبا رۆژانە هەبوایە و نەکوژایەتەوە، هەر لەبەر ئەوەیشە جارێکی دیکە بۆ بارگرانکردنی خەڵکی رەش و رووت خاوەن مۆلیدە ئەهلییەکان خەریکە دەست بەکار دەبنەوە و، لەکاتی نەبوونی کارەبای حکومەت ئەوانیش بە برە پارەیەکی زێتر لە هی حکومەت کارەبا بە خەڵکی بفرۆشن، ئیتر (لێدە عەلۆ) ( ٦٠) دینار بۆ حکومەت و، زیاتر لە ( ١٠٠) دیناریش بۆ مۆلیدەی ئەهلی ( جا شار بۆ ناخۆشە) ، ئەمە لە کاتێکدایە کە بەرپرسان بۆ ئەم جۆرە خەرجییانە تاکە فلسێك لە گیرفانی خۆیان نادەن، بەڵکو حکومەت خۆی بۆیان دابین دەکات، چونکە ئەوان شەو و رۆژ بۆ خۆش گوزەرانیی خەڵك بیر دەکەنەوە و نەزەریاتی تازەیش لە گەڵ عەولەمەدا بگونجێ دادەرێژن.

لەبەرامبەر هەموو ئەمانەدا هەر ئەوەمان بۆ ماوەتەوە بە بەرپرسانی خۆمان بڵێین : خوای گەورە و میهرەبان بەرخوردارتان بکات، بۆ ئەو ئەرك و ماندووبوونەی تا ئێستا لێی نەحەساونەتەوە لە پێناو بەختەوەری و خۆش گوزەرانیی خەڵکی کەم دەرامەت و رەش و رووتی کوردستان و، بۆ زێدە کردنی قەوارەی ئەو فەزایەی هەوای ئازادی لێ هەڵدەقولێ و، هاووڵاتییان هەڵی دەمژن.

خوای بەخشندە ئێوەی بەرێزانی هەردوو ئیدارەکە هەولێر و سولەیمانی لەپەنای خۆی بگرێت و، بتانخاتە سەر رێگەی راستی کوردایەتی و، چیتر خەمی بەختەوەری و خۆش گوزەرانیی خۆتان نەخەنە پێش هی ئەم خەڵکە رەش و رووت و برسی و تێنوو بێ کارەبا و سووتەمەنییەوە، کە ساڵانێکی درێژە سووتەمەنی شۆرش و خەبات و ئەم ئەزموونەی ئێستا بەدی هاتووە بوون، کە ئێوە لە سایەیدا پاڵتان داوەتەوە و، ناوەناوەش بازرگانی بەوان و، بەشێکی شەهیدانی رێگەی ئازادی و سەرفرازیی کوردستانەوە دەکەن.

( ئامین یارب العالمین !!) ...

هەولێر ٢٤ / ١ /٢٠٠٣

| | |
|---|---|
| حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق<br>وەزارەتی دارایی و ئابووری<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی<br>ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە | Iraq - Kurdistan Region Government<br>Ministry of Finance and Economy<br>Directorate General of Finance |
| ژمارە: ٩ / ٤٩٦ | ڕێکەوت: ١٦ / ١ / ٢٠٠٣ |

ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ٣ )

بۆ / گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

بابەت / ئاراستەکراوەکان

ئاماژە بە ئاراستەکراوەکانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاردرا بە :

١. گۆڕینی ڕۆژی پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم کە لە بەرواری ( ١٥ )ی هەموو مانگێک خەرج دەکرا بۆ بەرواری ( ٢٥ )ی هەموو مانگێک و بەپێی زنجیرەی فەرمانگەکان کە لە خشتەی تایبەت بە ڕۆژەکانی خەرج کردنی مووچە هاتووە .
٢. بڕینی ڕێژەی ( ٣٠ ٪ ) لە مووچە و گشت جۆرەکانی دەرماڵەی فەرمانبەرانی ( هەمیشەیی و کاتی و گرێبەست ) .
٣. خەرج نەکردنی مووچە و دەرماڵەکانی ئەو فەرمانبەرانەی کە لەگەڵ ڕێکخراوەکان کار دەکەن کە کرێی مانگانەی بڕاوە وەردەگرن لەو ڕێکخراوانە زیاتر لە ( ٥٠ $ ) بەتیا دۆلار یان لە ( ٥٠٠ ) پێنج سەد دینار زیاترە و ماوەی کارکردنیان لەگەڵ ڕێکخراوەکان دەژمێردرێت بۆ مەبەستەکانی (بەرزکردنەوە و سەرمووچە و خانەنشینی ) .
٤. کەم کردنەوەی ڕێژەی ( ٣٠ ٪ ) لە بڕی بەخشینەکان کە خەرج دەکرێت بۆ حیزبەکان، سەندیکاکان، یەکێتییەکان، کۆمەڵەکان و یانەکان .
٥. کردنەوەی خانەیەکی تایبەت لە لیستی مووچە بە ناونیشانی ( بارمتەی جۆراوجۆر ) و تیایدا ئەو بڕەی کە دەبڕدرێت لە برگە ( ٢ )ی سەرەوە تۆمار دەکرێت .
٦. خەرج کردنی مووچەی ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەکانیان لە ( ٧٠٠ ) حەفت سەد دینار و بۆ سەرەوەیە بە دۆلار و نرخی هەر دۆلارێک بۆیان بە ( ١٠ ) دە دینار دەژمێردرێت لە ڕۆژی خەرج کردنی مووچەکانیان .
٧. کار بە هیچ ڕێنماییەک ناکرێت دژ بەم ڕێنماییە بێت .
٨. ئەم ڕێنماییە لە بەرواری مانگی کانوونی دووەمی / ٢٠٠٣ وە جێبەجێ دەکرێت .. بۆ کار پێ کردنی لەگەڵ ڕێزماندا .

سەرکیس ئاغاجان مامندو

وەزیری دارایی و ئابووری

وێنەیەک بۆ /

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / ب.گ. کارگێری و دارایی / ب. ژمێریاری / بۆ زانین ..لەگەڵ ڕێزماندا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین .. لەگەڵ ڕێزماندا .
- بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە / بۆ گشتاندنی .. تکایە .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەولێر – دهۆک / بۆ کاری پێویست .. تکایە .
- چاودێری و پشکنینی دارایی / ژمێرکاری / ژمێریاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە / خەرجییەکان .
- دۆسیەی سووراو .

ع / ٢٠٠٣/١/١٤

هەرێمی کوردستان . هەولێر / سەر ڕێگای موسڵ — Kurdistan Region -Hawller/ Mosul Road

تەلەفۆن: ٢٢٢٣٩١٥ ، ٢٢٣٠١٥٥

**تێبینی کوردستان نێت:**

**مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.**

**ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣**